ئۆپۆزسیۆنی سووریا ناوەندی پارێزگایەکی تری سووریا کۆنترۆلکرد



ناوەندی پارێزگای سوەیدا لە باشووری سووریا کۆتە دەست هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن.

بەگوێرەی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکانی سووریاوە دەست کەوتووە، ناوەندی پارێزگای سوەیدا لە باشووری سووریا کە زۆربەی دانیشتوانی لە ئایینی دورزین، کۆتە دەست هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتەجێی شارەکە.

وێنە گۆرەکە ئەوەیە: ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سووریا هێرشی کردەسەر شارەکانی حەلەب و ئیدلب لەباکووری سووریا و بەشێک لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و دەستیان بەسەر تەواوی شاری حەلەبدا گرا، پاش ئەوەی دەستیان بەسەر تەواوی گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری حەلەبدا لە باکووری سووریا گرت و هێروەها دەستیان بەسەر شاری سەراقب دا گرت کە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگە لەدوای شەڕێکی سخت لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانیان، دواجار دوێنێ شەممە زۆرینەی شاری حەلەبی کۆنترۆلکرد. لەلایەکی ترەوە، وتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسدە)، فەرهاد شامی لە لەدوانەکیدا بە کەناڵی ڕووناهی گوتوویەتی: بەچەی چاودێری دەخی حەلەب دەکەین، ئێم هێرشانە و توندوتیژیەی حەلەب لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت.

فەرهاد شامی لەبارەی هەوەستی هەسەدە لەو توندوتیژیانە وتی: ئەرکی ئەمە پاراستنی گەل و خاکەکەمانە و لەکاتی پەویستدا هەوەستمان دەبێت و وەڵام دەدەینەوە.

لەسەر ئەم هووداوانە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاراستنی سەقامگیری لە ئیدلب و ناوچە سنوورەکانمان، وەک ئەولەویەتێک بە تورکیا دەمێنێتەوە.

دواجار ڕۆژی شەممە 30ـی تشرینی دووەمی 2024، ڕوانگەی سووری بە مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، کە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا (ئەحرار ئەلشام - جولانی) کە بەشێکیان لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت شاری حەلەب-یان گرتووە و سوپای سووریا لە تەواوی شارەکە کشاوەتەوە.